# سەبارەت بە کوشتنی کوڕە هەڵەبجەییەکە...
# کاك نێچیرڤان بارزانی نەدەبوو بێدەنگ بێت ؟



**ئاسۆعەبدوللەتیف**

تاکی هەر کۆمەڵگایەك کوڕی شەرعی حکومەتەو دەبێت حکومەتیش خۆی بەو باوکە میهرەبانە بزانێ بۆ کوڕەکانی و نەهێڵێت مافەکانیان پێشێل بکرێت، بەتایبەت حکومەتی کوردستان بەردەوام بانگەشەی مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە هاونیشتمانی خۆی ئەکات، پاش ئەوەی رۆژی 2007/7/4 هاووڵاتییەکی کوردستان و بەرەگەز عیراقی و خەڵکی هەڵەبجە بەناوی "ئیسماعیل محمد رەشید" لە تەمەنی 42 ساڵیدا لەلایەن کۆمەڵێك پاکستانییەوە لە شاری شەفێڵدی بریتانیا بە شێوەیەکی زۆر دڵرەق و نامرۆڤانە بە دارو ئاسن و چەقۆ لەلایەن 20 پاکستانیەوە کوژرا، کەچی تائێستا سەرۆکی حکومەتی هەرێم بێدەنگەو لایەنی پەیوەندیداریش لێدوان یان بەیاننامە یان ئیدانەیەکیشی ئاراستەی هیچ کەس و لایەنێك نەکردووە، بەو حوکمەی سەرۆکیووڵات و حکومەت سیفەتی رەسمی و قانونییان هەیە بەتایبەت لەقەتڵێکی هەمەجیانەو جەماعیانەی وادا نابێت بێدەنگی هەڵبژێرن و ئەمەش وەك ئەتەکێتێکی دیبلۆماسی و یاسایی و تەنانەت سیاسیش بۆ شەئن و سەنگی حکومەتەکەمان باشە کە لەو جۆرە کوشتن و سوکایەتی کردنانە بێدەنگ نەبین و بگرە خاوەن هەڵوێست و ئەجندای حکومەتی خۆمان بین، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دەرەوەی ووڵات ئەژین و ئەکوژرێن وەك چۆن پابەند (ملزم) یان ئەکەین بە ئینتیمای نیشتیمانی و کوردپەروەری و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و دەنگدان لە پرۆسەکانی دەنگداندا بۆ دەستوورو پەرلەمان و حیزب و پرۆسەکانی دیکە ئاواش ئەبێ حکومەت میکانیزمی خۆی هەبێت بۆ مافەکانیان لە هەر حاڵەتێکی وەك ئەمەی ئێستادا کە دووچاری ئەو کورە هەڵەبجەییە بوو، دەبوو حکومەت لەم کوشتنەی ئیسماعیل دا کە لە نێوان سێ دەوڵەتدایە ( بریتانیاو پاکستان و عیراق و کوردستان) قسەو لێدوانی خۆی هەبوایە و رازی نەبوایە کوڕێکی نەتەوەکەی بەو شێوەیە بێکەسکوژ بکرێ و حکومەتیش بێدەنگی بنوێنێ، کە دڵنیام گەر کورە ئاغایەك یان بەرپرسێکی حیزبی دەسەڵاتدار بوایە ئێستا دنیایان لێ تەنیبوو!!

ئەی باشە لەم حاڵەتەدا وەزارەتی مافی مرۆڤ کوا؟ ئەی وەزارەتی هاریکاری و مرۆڤایەتی یانی چی؟ ئەی ئۆفیسە حکومیەکانمان چ کارەن

ئەوانەی وەك كونسوڵ و باڵوێز مامەڵە ئەكەن؟ حكومەتی بریتانیا و پۆلیسی ئەو شارەی كە كوشتنەكەی تیادا ئەنجام درا زوو بەزوو كەوتنە خۆ بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەكان و دەستگیركردنیان تا بدرێن بە دادگاو سزای یاسایی و عادیلانەی خۆیان وەربگرن و بە توندی ئیدانەی ئەو كارەیانكرد و سەرگەرمی دۆزینەوەی تاوانبارانن و پەرۆشی ئەوەشن سەرجەم بكەرانی ئەو تاوانە چەپەڵە دەستگیر بكەن، ئێستا 9 كەس لەو پاكستانیە تاوانبارانە لە لایەن پۆلیس و یاساوە دەستگیر كراون و لە تازەترین پەیوەندی تەلەفۆنی پۆلیسی بریتانیا لەگەڵ برای كوژراوەكە دوان لە گیراوەكان بە دانپێدانانی خۆیان ووتویانە راستەو ئەو كوشتنە ئێمە ئەنجامماندا، هەوڵەكانیش بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی تاوانبارە هەڵهاتوەكانی دیكە...

لێرەدا ئەپرسین ئێمە حكومەتین یان بەناو حكومەت؟ بەڵێ حكومەتین و خاوەن سەروەری و شوناسین و حیزب نین، بەڵكو یاساو پەرلەمان و قەزاو وەزارەتمان هەیە!!؟ دەبوو راستەوخۆ سەرۆكی حكومەت بۆ ئەم مەبەستە دەخالەتی بكردایەو لە رێگەی نوێنەرو لیژنەی پسپۆری خۆیەوە بكەوتایەتە گفتوگۆی رەسمی لەگەڵ حكومەتی بریتانیا و بەخێراییش تەرمەكەی بهێنرایەتەوە بۆ ناو خاكی نیشتیمان، نەك تەرمەكەش دوا بخرێ و دۆسیەكەش بەو شێوەیە بمێنێتەوە كە بەرای من عەیبەیەكی گەورەیە بۆ كورد و حكومەتەكەی، ئاخۆ ئەو دەوڵەتە ئێستا چی بەم حكومەتەی ئێمە بڵێ كە ئاوا خەمساردە بۆ قوربانیە پەرتەوازەكانی خۆی؟ ئاخر رووداوەكە گەورەبوو دەیان كەناڵ لەسەر یان نوسی و كردیانە مانشێت، تەنانەت پۆلیسی ئەو شارە لە رێگەی (كۆنفرانسكۆڵەوە) پەیوەندیان بە برای كوژراوەكەوە كرد كە سەرگەرمی پرسەگێرانی براكەی بوو لە هەڵەبجە تا رای بنەماڵەكەیان وەربگیرێت سەبارەت بەم دۆسیەو داواكاری و نارەزایەتیەكانی بنەماڵەكەیان لەلایەن پۆلیسی بەریتانیاوە بە هەند وەرگیرا وەك ئیفادەیەكی سەرەتایی و بەڵگەنامەیەك نوسرانەوە، لە ناوەندەكانی میدیاشدا هەواڵەكە بووە سەرنج و مانشێتی زۆرێك لە رۆژنامەو كەناڵە كوردی و بیانیەكان و ئیدانەكرا، ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی كورد (چاك) كە ناوەندێكی كوردی و هەڵسوراوی داكۆكیكردنە لە خەڵكی لێقەوماو و بەشمەینەت و هاورێ و دۆستانی (ئیسماعیل محمد رەشید) لە بریتانیا سەرگەرمی كۆكردنەوەی یارمەتین تاوەكو تەرمی ناوبراو لە وولاتی غەریبیەوە بهێننەوە بۆ شاری شەهیدان و لە تەنیشت 9 شەهیدی قوربانی بنەماڵەكەیانەوە بناژرێت، كەئەمە ئەسڵەن ئیشی حكومەتە هاوكاری مادی و لۆجستی و دبلۆماسی بكات تا تەرمەكە بگاتەوە نیشتیمان، دەبێت وەزارەتی پەیوەندیدارو حكومەتی هەرێمی كوردستان بەتایبەتی سەرۆكی حكومەت بۆ ئەم تاوانە هەڵوێستی جددی و مەبدەئی وەرگرێ و رازی نەبێت هاووڵاتیەكی خۆی بەو شێوەیە بكوژرێ و كەسیش دۆسیەی بۆ نەكاتەوەو پشتگوێ بخرێ، دڵنیام كاك نێچیرڤان یان پێی نەوتراوە یان نەیزانیوە ئەگینا ئەو بێدەنگ نەئەبوو، باشە دواجار بپرسم گەر هاووڵاتیەكی بەریتانیا یان پاكستان، لە كوردستان بەدەستی كرێكارێكی كورد نەك 20 كرێكار بكوژرایە ئەبێ هەڵوێست و ئیدانەی ئەو دەوڵەتانە بۆ ئێمە چۆن بوایەو بە چ شێوەیەكیش تەرمەكەیان ببردایەتەوە بۆ وولاتەكەیان و ئەی چۆن چۆنیش ئەیانكردینە خەڵكی خوێنرێژو هەمەجی و دڵرەق؟! ئەمە تەنها پرسیارێكە و ئاراستەی كاك نێچیرڤان بارزانی ئەكەم و بە هیوام وەڵامێكم بداتەوە.